# نەقیزەکەی لالۆم

جەنابی موفەتیش

## هەچەی مێژوو..!

حەسەن لە بەڕێوەبەرێتی نەهێشتنی نەخوێندەواری سلێمانی شۆفێر بوو ... بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوکاتە حەسەن بە چنگ( حەپە سەوزەکە )ی *1 قووتدابوو قوش نەیئەوێرا سەرزەنشتی بکات، بۆیە هەموو فەرمانبەرەکان داخ لە دڵ بوون بۆی چونکە حەسەن پۆرتی هەموویانی بەناهەق شکاندبوو تەنانەت ئەگەر لە ژووری بەڕێوەبەردا ڕێکەوتت بکردایەو کەسیانت نەناسیایە نەتدەزانی کامیان بەڕێوەبەرن چونکەحەسەن  بە قات و بۆینباخەوە یاخود بە( قەتعەتەینەوە *2) قاچ لەسەر قاچ دوور لەعورفی کوردەواری دائەنیشت و بەڕێوەبەریش لەولاوە زۆر بە ئەدەبەوە وەکوخۆی بخەڵەتێنێ خۆی سەرقاڵی پۆستەکانی بەردەستی ئەکرد ...زۆربەی فەرمانبەرەکانی ئەوێ لەگەڵ مندا کرابوونەوە ..ڕۆژێکیان خۆم کرد بەوێداو لە دوورەوە بە پێکەنینەوە بەرەو رووم هاتن و قوتوویەک نوقڵیان لەبەر دەستمدا کردەوەو فەرموویان لێکردم..منیش بەدەم سوپاسەوە وتم پیرۆز بێت، کێ ژنی هێناوە ..کێ شوی کردووە..؟!وتیان ژنی چی و شوی چی..حەسەن خۆمان خۆش ..!!وتم چۆن..؟ وتیان دوێنێ  دوای نیوەڕۆ بە خۆیی و لاندکرۆزەکەی ئێرەوە لە مزگەوتی ( عەبدولا لوتفی )لایداوەو پاش کەمێ هاتوتە دەرەوەو لە پاڵ لاندکرۆزەکەیدا دوو پێشمەرگەی دەمانچە بە دەست باڵیان بەستووەو بە لاندکرۆزەکەیەوە فڕاندوویانەتە دەرەوەو لەوانەیە لە نیوەی ڕێگە فتیان کردبێت ..! بەڵێ ئەمە وابوو، بەڵام دە ، دوانزە ڕۆژ دوای ئەو بەسەرهاتە لەبەر دەرکی سەراوە بەرەو ئۆرزیباک بەپێ سەر ئەکەووتم حەسەن قنج و قیت بەرەو رووم هات و بەپێکەنینەوە وتی : ـــ ئەها ئەڵێی گوێزی ساغم .. نەکوژرام..وتم باشە حەسەن بە راست چۆن نەیانکوشتیت ..؟!وتی برادەرانی دەرەوە کوڕی باشن ..وتیان هەرچەندە ئێمە ئەزانین  تۆ بە چنگ حەپە سەوزەکەشت خواردووەو چەن خراپەت لەگەڵ ئەم وئەودا کردووە بەڵام ئەگەر کاغەز بنووسیت بۆ کەسوکارت دوو هەزار*3دینارمان بۆبهێنیت ئازادت ئەکەین .. وتی منیش هەر بەدەستی خۆیاندا کاغەزم ناردو پارەکەیان بۆ ناردم و خۆیشیان ئەوەندە کوڕی باشبوون وتیان نەبا خوانە خواستە لە ڕێگە موقەدەرێکت لێبقەومێ و ئێمە روو زەرد بین ،بۆیە هەتا سەرجادەی قیر بەڕێزەوە ڕەوانەیان کردم !بەشبەحاڵی خۆم هەر لەو رۆژەوە پەنجەی خۆمم گەست و  وتم سەرەتای درووستبوونەوەی مەسەلەکە یەو دینار وەکو ( ئاس )قسە ئەکات و دەی ئاخوم بنەتاکەی چۆن بێت ..؟! بەڵێ هەرچەندە لە کۆنەوە وتراوە شەرع شەرم لەکەس ناکات، بەڵام ئەمڕۆ ئەبێ بووترێ مێژوویش شەرم لەکەس ناکات ..!کەواتەنەمن دەنگ و نەتۆ دەنگ با ئەمجارەیان نەقیزەکەی  لالۆم بدەمە دەستی مێژوونوسان و ئەوان هەچەی مێژوو لەوانە بکەن دەمێکە کوردیان بە دینارو بە دۆلار فرۆشتووە ..

-----------------------------

*1 لەو سەردەمەدا هەرکوردێک ببوایە بەبەعسی ئەیانووت حەپە سەوزەکەی قوتداوە ..

*2کاتێک جلی دووپارچە بوو ئەوکاتە زیاتر بەعسیەکان لەبەریان ئەکرد..

*3یەک دیناری ئەو کاتەی خۆمان سێ دۆلارو شتێک بوو ..